# نامەیەك بۆ جەلال تاڵەبانی
## سەبارەت بە دەستگیرکردنی "ڕێبوار عارف"

دوای سڵاو .......

دەزگای ئاسایشی سلێمانی سەر بە " ی ن ك " بەهادین وەستا بەکر" ناسراو بە "ڕێبوار عارف"ی زیندانی کردووە ."ڕێبوار عارف" کەسایەتیەکی ناسراو دیاری ناوچەی هەڵەبجەو سەراسەری کوردوستانەو بەرپرسی کەمپینی دادگایکردنی سەدام و سەرانی بەعسە و سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی یە لە دەرەوەی وولات ." ڕێبوار عارف" بۆیە زیندای کراوە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ئێوەوە , چونکە قسەی کردووە بۆ خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و پشتیوانی کردووە لە داواکاری و خۆپیشاندانەکەیان لە ڕۆژی 2005/5/4 لەبەردەم سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران .

تۆ و سەرکردایەتی یەکێتی ڕۆژانە بە لێشاو بانگەوازی ئازادی و خۆشگوزەرانی ئەدەن بە گوێی خەڵکیداو ئەتانەوێت ئازادیەك کە هەیە بە قەولی خۆتان لە کوردوستان بۆ ناوەڕاست و خواروی عێراقی بگوێزنەوە .ئێوە بانگەوازتان تەواو پێچەوانەی کردەوەکانتانەو خەڵکی کوردوستان تەنانەت وەك فریوکاریش لێتان وەرناگرێت . ئێوە بە کردەوە نیشانتان داوە ئازادی بەمانای هەڵگرتنی وێنەی تۆ , هەڵپەڕین بۆ سەرۆکایەتی تۆ , پێشوازی لە گەڕانەوەی تۆ , شیعر و گۆرانی ووتن بۆ حیزب و بزوتنەوەکەی تۆ , قەباغ نانەوەی هەموو دەنگێکی ناڕازی و پێچەوانە بە دەسەڵاتی ئێوە . لە ڕاستیدا ئەم پێوانەیە بۆ ئازادی لە هیچ قاموسێکدا جێگای نابێتەوە تەنها لە سوونەت و بەرنامەی ئێوەدا نەبێت . ئەمە چ ئازادیەکە ئێوە لە کوردوستان پەیڕەوی لێدەکەن تەنها لە سەر قسە کردن " ڕێبوار عارف " ڕاپێچی زیندان دەکەن و لە جیاتی خۆی برایەکی بە بارمتە دەست بەسەر دەکەن , ئەم فەرهەنگەی ئێوە دووبارەی دەکەنەوە خەڵکی کوردوستان لە ئازاری 91 نەفرەتیان لێکرد .

" ڕێبوار عارف " لەشکری هیچ وولاتێکی بۆ سەر خەڵکی کوردوستان پەلکێش نەکردووە , ئەندام و هاووشانی هیچ دەستەوتاقمێکی تیرۆریستی نیە , فایلی نیە وەك بەشێك لە سەرکردایەتی حیزبەکەی تۆ .

" ڕێبوار عارف " لەسەردەمی بەعس حوکمی ئیعدامی هەبوو ئێستاش زیندانی زیندانەکانی ئێوەیەو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی " حککع "ە .

ئەو ئازادیەی ئێوە لێوەی ئەدوێن من پێم وایە لەناو مۆزەخانەکانیش جێگایان نیەو ئەگەر هەشیان بێت زۆر شەرمەزارانەن . ئێوە زۆر نامۆ باسی ئازادی دەکەن ئەمە چ ئازادیەکە ئازادیخوازێکی وەك " ڕێبوار عارف " زیندانی دەکەن بەڵام تاوانبارێکی وەك " وەفیق سامەڕائی " دەکەیتە ڕاوێژکاری ئاسایشی خۆت مەگەر ئیتر لەمە مەهزەلە تر هەیە . هەڵسوڕانی ئاشکرای حیزبەکەی " ڕێبوار عارف " قەدەغە دەکەن بەڵام دەست دەخەنە ناو دەستی " حەکیم , موتڵەگ , جەعفەری , سەرۆك عەشرەت و ئینسان کوژەکان .

ماوەیەك لەمەو پێش" مەلا بەختیار " ووتی حککع 15 چەکدارێك بوون لە ڕۆژی 2000/7/14 بەمەفرەزە یەك عاقڵمان کردن , بەڵام کردەوەی ئەم جارەتان و دەستگیرکردنی " ڕێبوار عارف " ئەو ڕاستیە دەردەخات کە بزوتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی کوردوستان و ئامادەی " حککع " ئەو دوو لێکهەڵپێکراوەن کە ئێوە لێی دەترسن .

خەڵکی کوردوستان زۆر لەوە ووریاترن بەو جۆرە سەرکووتکردنانە بێدەنگ بنوو ناڕەزایەتیەکانیان خامۆش بکەن , "حککع " زۆر لەوە ئامادەترە کە بەدەستگیر کردنی هەڵسوڕاوانی لە ڕابەڕی کردنی جەماوەر دوور خرێتەوە .

من بەم نامەیە داوات لێدەکەم ڕێزی ئازادی سیاسی بگرن و " ڕێبوار عارف " ئازاد بکەن و دەست لە سەرکووتی سیاسی هەڵبگرن .

بژی ڕێبوار عارف

بژی ئازادی بێقەیدو شەرتی سیاسی

بژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق

هیدایەت مەلا عەلی

2005/5/5